# پرۆژەی(سات و سەودای مەزن)

# و

# ڕاپۆرتی ئەم دواییانەی دەزگای ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا


**ئامادەکار و نووسەر : حسن داعی**

**وەرگێڕ : کەریم دانشیار**


**ئاماژە و ڕوونکردنەوەیەکی کورتی سەرپێیی:**

وەرگێڕانی بابەت ئەمە ناگەیەنێت کە وەرگێڕی بابەتەکە لە خەتی فیکریی نووسەری بابەتەکە نزیکە. دەقی دوورو درێژی ئەم بابەتە بۆیە کراوەتە کوردی، چونکە لە بابەتەکەدا چەند خاڵی گرنگی تێدایە کە دەیهێنێ جارێک بخوێندرێتەوە.

لۆبی (Lobby) چییە ؟

وشەی لۆبی (Lobby) لە فەرهەنگنامەی ئینگلیزیدا بە واتای خۆ تێخزاندنی کەس و کەسانێک لە سیستەمی سیاسیی وڵاتێک هاتووە، کە بۆ مەبەستگەلی جۆراوجۆری خۆیان کەڵکی پێویستی لێ وەرگرن. لۆبیستەکان هەوڵ دەدەن وەک چلمێردەیەکی (ئەهرۆم) بەتوانا، دەزگای بڕیاردەری وڵاتەکە بە چەشنێک بزێون، کە بڕیارەکان لە دژی بەرژەوەندیی ئەوانەوە دەنگ وەرنەگرن. بە گۆتەیەکی ڕەوانتر، لۆبی کردن بە چالاکیی گرووپ و تاقمگەلێک دەگوترێت کە توانیبێتیان قورسی و کارکردێکی وەهایان



لە سەر نوێنەرانی پەرلەمان و کاربەدەستانی ئۆرگانی دیکە دانابێ، کە لە کاتی پێویست دا بڕیاری دژ بە بەرژەوەندیی ئەوان نەزۆک بکرێت. بۆ نموونە، لۆبیستەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران ڕەگ و ڕیشەیان دە نێو سیستەمی ئیداریی ئەمریکا داکوتاوە و گەلێک جاران بە هەڵخراندنی ئەندامانی ڕێکخراوەی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکان و سازکردنی خۆپیشاندان و مانگرتن و دانیشتنی سیاسی، دەبنە هۆی ئەمە کە دەوڵەتی ئەمریکا لە پەرلەمانەکەی خۆیدا نەتوانێ دەنگی ئەرێنی بۆ سەپاندنی بڕیاری گران دژ بە ئێران وەدەست بێنێت.

وشەی لۆبی لە سەدەی حەڤدی زایینیدا لە بریتانیا داکەوت . لەو سەردەمەدا، ڕوناکبیران بۆ دیداری نوێنەرانی پەرلەمان، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوونەکانیان سەردانی نوێنەرانیان دەکرد و لە دەرەوەی پەرلەمان و لە ژوورێکی تایبەت دا کۆ دەبوونەوە؛ ئەو تالارەی کە ڕوناکبیر و نوێنەرانی پەرلەمانی تێدا کۆ دەبوونەوە، ساڵۆنی چاوەڕوانیی لۆبییەکانی پێدەگوترا و ئەو کەسانەی کە لەو هۆڵە دا چاوەڕوانی هاتنی نوێنەرانیان دەکرد، بە لۆبیست و بە وتووێژ و گۆڕینەوەی بیر و بۆچوونەکەشیان دەگوت (لۆبی کردن).

لۆبیی کوردی

ماوەیەکە دەنگۆی سازبوونی لۆبیی کوردی لە ئەمریکا بە گوێی هەندە بیسەرێک گەیشتووە. هاودەم دەگەڵ ئەم هەواڵە، واتەواتێکیش هەیە کە گۆیا هیچ هەنگاوێک بۆ سازکردنی (لۆبی)ی کوردی پێشوە نەچووە، چونکە دەگوترێت ئەو برە پارەیەی کە

لەلایەن دانەرانی لۆبیی کوردی بۆ ئەمریکا ناردراوە، تووشی ئازاری گەندەڵی هاتووە و بەفیرۆ چووە.

هەروەها بە گۆیرەی وتوویژی(ستێڤان) دەگەل (پروفیسۆر دلاوەر)، کە سەبارەت بە لۆبیی کوردی کراوە، وا دەردەکەویت کە کوردی زانا و پسپۆرانی بواری لۆبی کردن لە ئەمریکا و لە ئەوروپا گەلێک زۆرن. ئەم گشتە زانا و پرۆفیشناڵانە ئەگەرچی لە ئەوپەڕی خەمخۆری و وڵاتپارێزی دان، بەڵام حکومەتی کوردی و نوینەرانیان لە دەرەوەی وڵات ئاوریان لێ نادەنەوە و بە هەندیان ناگرن. زۆربەی ئەو کوردانەی هەندەران لە ڕەفتارو هەڵوێستی حکومەت و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دڵگرانن و زویر بوونە و، بۆیە خۆیان بەغەریب دەزانن. ئەوە بووەتە هۆیەکی گرنگی لاوازبوونی لۆبی کوردیی نەک تەنیا لە ئەمەریکا دا، بەڵکو لە سەرتاپای جیهاندا.

کەریم

****

لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ئەیاری ساڵی ٢٠٠٣ دا، واتە چەند ڕۆژێک دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە بەغدا، « تام گولدیمەن Tom Guldiman»ی باڵوێزی سویسرا لە تاران گەیشتە واشنگتن. وا دەخوێندرایەوە کە ناوبراو لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە هەڵگری پەیام و پێشنیارێک بێت بە مەبەستی چارەسەریی سەرجەم کێشە و گرفتەکانی نێوان ئێران ـ ئەمریکا؛



پێشنیارەکە بریتی بوو لە چەشنە پرۆژەیەکی سەوداگەری کە بە(سات و سەودای مەزن) ناودێر کرابوو. نەفسی پەیام و پێشنیارەکە و، وڵامی ئەمریکا بەوان، بە ماوەی سێ ساڵان پەردەی نهێنی بە سەر داکێشرا؛ هەتا لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ و دوای ئەوەیکە پەروەندەی ئەتۆمیی ڕژێمی ئێران خرایە بەر دەستی شۆرای ئەمنییەتەوە، کەسێک بەناوی (تریتا پارسی) سەرۆکی شۆرای نەتەوەیی ئەمریکاییە بە ڕەچەڵەک ئێرانییەکان (NIAC)، ڕوونووسێک لەو پێشنیارەی خستە بەر دەستی ئاژانسە خەبەرییەکان و، ئەوتۆیشی ڕاگەیاند کە ئەم بەرگەیە لەلایەن کاربەدەستێکی پایەبەرزی ئێرانییەوە بەو ئەسپێردراوە.

لە ماوەی تێپەڕینی دوو ساڵدا، چیرۆکی ئەم(سات و سەودا مەزنە) و پرۆپاگاندەی هێور جووڵانەوەی ڕژێمی ئێران لە ئاست ئەمریکا، وەک مایکرۆفۆنی پروپاگاندەی دەزگای لۆبیی مەلاکانی لێهات لە ئەمریکا دا و، لە زۆربەی باس و خواسەکانی کە دەربارەی ئێران دەکردرا، پەنجە لەسەر هەل بەفیڕۆدانەکانی ئەمریکا دادەندرا. ڕژێمی ئێران دەیگوت کە ئەوە هەر خۆیانن دەسپێشخەر و پێش هەنگاون بۆ تواندنەوەی کێشەکان و، ئەوە دانیشتووانی کۆشکی سپین خۆ لە قەرەی سازان نادەن و بەردەوام خەریکی پیلانگێرانن بۆ لابردنی ڕژێمی تاران.

بانگەشەی دامودەزگای لۆبیی ڕژێمی ئێران لە ئەمریکا لەمەش هەورازتر هەڵکشا بوو. بۆ وێنە لە بڵاڤۆکێک دا کە (تریتا پارسی) ساڵێک پێشتر بە ئیمزای گروپ و لایەنەکانی دژ بە شەڕی ئێران و ئەمریکایی گەیاند بوو، ئاماژەی بەمە کردبوو کە لە ماوەی بیست

و شەش ساڵی ڕابوردوو دا، ئەوە ئەمەریکایە لە دانیشتن و دیالۆگ دەگەڵ ئێران خۆ دەبوێرێت .

دەنگۆی چیرۆکی(سات و سەودای مەزن) لە هەلومەرجی ئێستا، واتە دوای ڕاپۆرتی نوێی دەزگای زانیاریی ئەمریکا لەمەڕ ئەو پرۆژەیە، دوو ئەوەندە بەرز بۆوەو لۆبیی ڕژیمی ئێرانیش بۆ چەسپاندنی سەلیم بوونی ئێران، خوازیاری لابردنی هەر چەشنە زەخت و گوشارێک بوو لە سەر حکومەتی تاران. لە ئاکامدا و دوا بە دوای بڵاو بوونەوەی ڕاپۆرتی نوێی دەزگای زانیاریی ئەمەریکا، تەلەڤیزیۆنی (CNN)یش، کە لایەنگرێکی قورس و قایمی دۆستایەتیی ئێران و ئەمریکایە، بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ(تریتا پارسی) پێک هانی. ناوبراو لەو چاوپێکەوتنەدا بە پوختی لە سەر پرۆژەی (سات و سەودای مەزن)ی ڕژیمی ئێرانی ڕاوەستا. هەر دوا بە دوای ئەم دیدارە، لە لایەن شۆرای پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکا« Council on Foreign Relations» ، کە گرنگترینی ئەنستیتوتی لێکۆڵینەوەکانی ئەمەریکاییە، بە مەبەستی تاو و توێکردن و وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا و چۆنییەتیی (سات و سەودای مەزن)، تریتا پارسی بانگهێشت کرا.

لەم نامیلکەیە دا، هاوکات دەگەڵ هەڵلاجی کردنی پرۆژەی بەرباس، جێگە و پێگەی(تریتا پارسی) و ڕێکخراوەکەی، بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەخەینە بەر دید و هەڵسەنگاندنی خوێنەران. هەروەها نیشان دەدەین کە تەواو بەپێچەوانەی بانگەشەی لۆبیی ڕژێمی ئێران، هەر نەک لە سیاسەتی گشتیی



ئەمەریکا(لە ماوەی ساڵانی ڕابوردوو) دا، بۆ داڕوخاندنی ڕژێمی مەلایان بیریشی لێ نەکراوەتەوە، بگرە بە پێچەوانە، بە دەکارهێنانی سیاسەتی(نە شیش بسووتێ و نە کەباب)، لە لایەک بزووتنەوەی دێموکراسی خوازیی خەڵکی ئێرانی کز و نەخۆش کردووە و لە بەرێکی تریشەوە بۆتە هۆی هار و یانیگرتر بوونی مەلاکان و، لە ئاکام دا هێزە پاوانخوازە توندڕەوە ئایینییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزیان هاتۆتە بەر و گەشەیەکی بێ چەند و چۆنیان کردووە. لە هەمبەر ئەوانیش دا، هێزە شۆڕشگێڕ و ئاشتیخواز و ڕادیکال و دێموکراتەکانی مەڵبەند تووشی کزبوون و داکەوتن هاتوون.

گەڵاڵەی پرۆژەی(سات و سەودای مەزن) ، لەلایەن( سادق خەرازی) واتە باوک سالاری(لۆبی)ی ڕژێمی ئێران لە ئەمریکا پەیرێژی کرا و بە هاوکاریی باندی (تریتا پارسی) و (باب نەی« Bob Ney») وەرێخرا. ئامانجی سەرەکیی دامودەزگای ناوبراو ، هەر ببڕای ببڕا بۆ چارەسەرکردنی لێبڕاوانەی کێشەی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دەگەڵ ئێران نەبووە، بەڵکە تەنیا و تەنیا بە مەبەستی ئەهوەن کردنەوەی کورت خایەنی ئەو نائارامییانەیە بووە کە دەبنە ئاستەنگ لەسەر ڕێی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران. لە ڕاستیدا، هەموو هەوڵ و دەولی ڕژێمی ئێران کڕینی ئەو وەخت و کاتەیە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم چەند کار و بەرنامە گرنگانە، پێویستێتی: ٠ ـ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی ئەتۆمی. ٢ ـ بەهێزکردنی سیاسەتی داگیرکەرانە لە عێراق و لوبنان و فلستین دا . ٣ ـ لادانی نەیارانی

سوپای پاسداران و ئەحمەدی نژاد لە نێو وڵات دا، کە دەبێتە یەکدەست کردنی دەسەڵاتدارەتیی حکومەتی کۆماری ئیسلامی.

## وتووێژی ئەمەریکا و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

هەر ئەو سەروبەندەی کە سادق خەرازی دەگەڵ( گولدەیمان)ی باڵوێزی سویسرا بۆ دارشتنی گەڵاڵەی (سات و سەودای مەزن) یەکتریان دەبینی و خەریکی وتووێژان بوون، بەرپرسانی مەزنپایەی سیاسەتی دەرەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، هاودەم و هاوکات و زۆر بە نهێنی، شان بە شانی کاربەدەستانی ئەمریکی دانیشتبوون و بە فەرمی خەریکی وتووێژان بوون. لەوانەیە سەلماندنی ئەم ڕاستییە، کە ئەمەریکا و ڕژێمی مەلایان بۆ داروخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن لەمێژ بوو خەریکی سەودای سەربەسەرانەی(بدە و وەرگرە)بوون، هاسان نەبێت و تەنانەت زۆریش بەدوور لە زەین و گومان بێت. بەڵام ڕاستییەکانی پشتی پەردەی سیاسەت وا نیشان دەدەن کە بەر لەوەیکە خەڵکی ئەمەریکا و زۆربەی سیاسەتوانەکانیشی سەبارەت بە دوایین ساخبوونەوەی کۆشکی سپی ئاگادار بووبن، دەسەڵاتدارانی ئێران و نوێنەرانی ئەمەریکا لە گەرمەی هاوکاری دابوون و بۆ داهاتووی عێراق پلانیان دادەڕشت.

وتووێژ و هاوکاریی نهێنیی نێوان دوو وڵاتی ناوبراو، لە دەسپێکی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفگانستان(٢٠٠٠) دەستی پێکرد. ئەم وتووێژانە بەماوەی(٠٨)مانگ و لە نێوان پایەبەرزترینی



نوێنەرانی ئێران و ئەمەریکا دا بەردەوام بوون. دوو مۆرەی سەرەکیی ڕژێمی ئێران لە دانیشتنەکاندا، یەکیان« محمد جواد زەریف» نوێنەری ئێران لە پەرلەمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوی تریان«کەمال خەرازی» وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بوون. دوو نوێنەری ئەمەریکاش، یەکیان(زەڵمای خەلیل) نوێنەری ئەمەریکا و ئەوی تریان( رایان کروکەر) لە وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو کە هەر ئێستاکە سەربالۆیزی ئەمریکایە لە بەغدا. ( هوشەنگی ئەمیر ئەحمەدی)ش کە سەرۆکی شۆرای ئەمریکایی ـ ئێرانی (AIC) بوو، یەکێکی تر لە بەشدارانی کۆبوونەوەکان بوو. ناوبراو هەتا ساڵی ٢٠٠٢ ی زایینی، مۆرەیەکی چالاکی لۆبیی ڕژێمی ئێران لە ئەمەریکا بوو. دوای ئەوەی کە داستانی(سات و سەودای مەزن) لەسەر دەستی(تریتای پارسی) بڵاوبوویەوە، ناوبراو خۆی خزاندە نێو هەراکە و، وەک هەواڵنێرێکی چالاکی لۆبی، هەموو ڕۆژێک هەواڵی ڕووداوەکانی بە فەرمی بڵاو دەکردەوە.

ئاخر جاری کە نوینەرانی دوو وڵات بۆ وتووێژان دانیشتن، ڕۆژی سێیەمی مانگی ئەیاری ساڵی ٢٠٠٣ بوو. لەم دانیشتنە دا، زەلمای خەلیل بە محمد جەوادی زەریف دەڵێ کە، بەپێی ئەو زانیاریانەی بە ئەمەریکا گەیشتوون، لە لایەن ڕێکخراوەی ئەلقاعیدەوە پلانی کردەوەیەکی تروریستی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دارێژراوە و بڕیارە هەر لەم چەند ڕۆژانەی دواییدا بێتە ئاراوە. خەلیل زاد لە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ویست کە بۆ پووچەڵ کردنەوەی پلانی ناوبراو، پێویستە کۆماری

ئیسلامی لەو چەند بەرپرسانەی ئەلقاعیدە کە لە ئێران دەژین و گۆیا لە بەندیخانە دان، بکۆڵێتەوە و زانیارییان لێ وەربگرێت.

ڕژێمی ئێران کە هەتا ئەو دانیشتنە بە گەلێک لە ئامانجەکانی خۆی لە عێراق گەیشتبوو، داواکارییەکانی خەلیل زادی خستە پشت گوێ و هەرکە لە ۰۲ ی مانگی ئەیار، لە ئاکامی چەند کردەوەی تروریستی لە وڵاتی سعودی دا حەڤت سەربازی ئەمریکی گوژران، بەرپرسانی ئەمریکا بە فەرمی ڕایانگەیاند کە بکەرانی ئەم کردەوە ترۆریستیە دەگەڵ سەرانی ئەلقاعیدە لە تاران پەیوەندیی تەلەیفوونییان هەبووە؛ کەواتە ڕژێمی ئێران ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەم کردەوەیە دەناسرێت.

لە ٢٤ ی مانگی ئەیار دا،(جوادی زەریف) بە مەبەستی دانیشتن و وتووێژ دەگەڵ هەیئەتی ئەمریکی گەیشتە ژەنێڤ، بەڵام نوینەرانی ئەمریکی ئامادەی دانیشتن نەبوون و بەم تەرتیبە دانیشتن و وتووێژی هەژدە مانگەی ئێران و ئەمریکا جەمام بوو. لە ڕوانگەی ئەمریکاوە، دەسەڵاتدارانی تاران هاوکات دەگەڵ نیشاندانی ڕواڵەتی دۆستانە لە دانیشتن و وتووێژەکاندا، بە هەموو تواناییشیانەوە خەریکی خەنجەر وەشاندن لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دا بوون. ئەمە وا دەنوێنێت کە دۆستایەتی و دانیشتنەکانیان بەمەبەستی گێژداغکردنی بەرپرسانی ئەمریکییەکان بووە. بەڵام وەستاندنی وتووێژەکانیش ئەم واتایەیان نەدەبەخشی کە ئەمریکا بەرەو سیاسەتی توندوتیژی بڕوات و خەیاڵی دارماندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەبێت.



بۆ زانیاری زیاتر: (تام گولدەیمان)ی باڵویزی سویسرا لە تاران، ڕێک ئەو کاتە گەیشتە واشنگتن، کە ئەمەریکا بۆ دۆزینەوەی شوێن پیی ئەلقاعیدە، داوای هاوکاری لە ئێران کردبوو، بەڵام هێشتا تەقینەوەکانی عەرەبستان ڕووی نەدابوو.

### نەخشەی ڕێگا بۆ ئەکتیف کردنی(سات و سەودای مەزن)

پێشنیاری ڕژێمی ئێران بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەی(سات و سەودای مەزن)، لە سەر لاپەڕەییێکی بەبێ ئیمزا تایپ کرابوو. ئەم پێشنیارنامەیە، دەگەڵ یادداشتنامەیەکی باڵوێزی سویس، لە ڕۆژی چوارەمی مانگی ئەیار لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی سویسەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا فاکس کرا. پێشنیارنامەکە بریتی بوو لە دوو بەش؛ بەشی یەکەم ئەو ویست و داخوازییانەی دە باوەش دەگرت کە ئێران داواکاری بوو. بە گوتەی باڵویزی سویسرا، گەڵاڵەی ئەم پێشنیارە بەرهەمی چەندین دانیشتن و گوفتگوی ئەو و سادقی خەڕازی باڵوێزی ئێران لە فەڕەنسە بووە کە لە سەری ڕێک کەوتبوون. بە گوتەی سادقی خەڕازی، عەلی خامنەای دەگەڵ هەشتا و پێنج لە سەتی نووسراوەی پێشنیارنامەکە ڕێک و هاودەنگ بووە. لە پێشنیارنامەکە دا ڕژێمی ئێران شەش داخوازی ڕوو بە ئەمریکا ڕاگرتبوو، کە بریتین لە :

١. دەوڵەتی ئەمریکا بە مەبەستی گۆڕانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ، دەبێ کۆتایی بە دەست تێوەردانەکانی بهێنێت.

٢.دەبێ سەرجەم گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران وەلا بەرێت، پارە و دراوی قەتیسکراوی ئێران ئازاد بکات، هەروەها لە مەڕ وەرگرتنی ئێران بە ئەندامەتی لە ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی ، یاریکای ئێران بێت.

٣.ئەندامانی ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە عێراق دەربکرێن، لە وەرگرتنەوەی باجی شەڕ بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لە شەڕی ئێران و عێراق دا، پشتی ئێران بگرێت، بەری هێرشی هێزەکانی توکییە بۆ سەر باکووری عێراق بگرێت و ڕێزی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق بگیرێت و ڕێی زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی ئاییزای شیعە لە عێراق، واتە نەجەف و کەربەلا نەگیرێت.

٤.ئێران ئازاد بکرێت بۆ وەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای ئاشتیخوازانەی ناوکی و شیمیایی و بایۆلۆژیکی.

٥.سەلماندنی بەرژەوەندیی ئەولەکاریی(ئەمنییەت) ئێران لە مەڵبەند دا و، ڕیگە پیدانی بۆ بە هێزتر بوون بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی.

٦.هەلوێستی بەجێ دژبە تروریزم(مجاهیدین) و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی لە ناو ئەمەریکادا ڕەچاو بکردرێت.

بەشی دووەمی پێشنیارنامەکەی ڕژێم، پەیوەندە بە ویست و داخوازییەکانی ئەمریکا، کە لە ڕوانگەی ئێرانەوە دەکرێ بە دانیشتن و وتوویژی دوو لایەنە بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.



دەربارەی ئاشتی و ئەهوەنیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشەوە، لە ڕوانگەی ڕژێمی ئێران، دەکرێ ئەوان لە پشتیوانی کردنی گروپە توندڕەوەکانی فلستینی دەست هەڵبگرن و ڕێکخراوەی حیزبوڵڵاش وەک هێزێکی بێ چەکی سیاسی بهێڵنەوە.

## کلکی کەڵەشێر و پێشنیاری ڕژێمی ئێران

دوای فاکس کردنی پێشنیارەکەی ڕژێم لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی سویسراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، تام گولدەیمان خۆی سەردانی واشنگتنی کرد. لەم سەفەرەدا، ناوبراو دەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دانیشت و کەوتە وتووێژان. بەرپرسانی ئەمریکایی لەم کردەوەی ئێران سەریان سەتحی مابوو کە لە ماوەی ٠٨ مانگ دانیشتن و وتوویژی دوو لایەنی بەرپرسیار دا، هۆی چی بوو ڕژێمی ئێران لەو هەلە بەجێیە دا پێشنیاری(سات و سەودای مەزن)ی نەهێنایە گۆڕێ. تەنانەت ڕۆژێک بەر لە فاکس کردنی پێشنیارەکە، جەوادی زەریف دەگەڵ زاڵمای خەلیل یەکتریان بینی بوو، کەچی هیچ ئاماژەیەک بە هاتن و سەدانی باڵوێزی سویسرا نەکرابوو.

دوای دیداری باڵوێزی سویس دەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکایی لە واشنگتن، بەپێی ئەوەیکە هەر باڵوێزێک گرێدراوی وەزارەتی دەورەوەیە، وەک روتین دەبوایە کار و بەرنامەی ناوبراو دوایی هاتبایە، بەڵام دوای دیدار دەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، تام گولدەیمان هاتە سەر ئەمە کە بەرگەیەک لەو پێشنیارە

مێژووییە بۆ کۆشکی سپی فاکس بکات. لەوانەیە بۆچوونی تام گولدەیمان ئەوها بووبێت کە، بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، پەیامی پرۆژەی مێژوویی ئێران لە دانیشتووانی کۆشکی سپی بشارنەوە. هەربۆیە دەگەڵ بەرگەی پێشنیارەکە ئەم یادداشتەشی دەگەڵ نارد:

***« سادقی خەڕازی داوای لێکردم کە پێشنیارەکەی ئێران بە یەکێک لە بەرپرسانی هەرە باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بگەیەنم تاکوو بزانین هەڵوێست و وەرامی ئەمریکا چییە. تەنانەت خەڕازی ئەم تێبینیەشی پێداوم کە بەهۆی نەبوونی بروا و باوەڕ لە نێوان دوو وڵاتی ئێران و ئەمریکا دا، ئێران ناچارە ئەوپەڕی نهێنیکاری بکات و ئەوەندەی بۆی بکرێت وریاکارانە بجووڵێتەوە».***

پێدەچێت، ئەم کردەوەی باڵوێزی سویسرا هیچ داوکاری و ویستێکی سادقی خەڕازی لە پشت نەبووبێت. (لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی CNN دا بەرپرسێکی ئەمریکی ئاماژەی بە کردارەکەی تام گولدەیمان کردووە کە گۆیا (دەوڵەتی سویسرا بە هۆی هێنان و بردنی پەیامی ئێران بۆ ئەمریکا، تام گولدەیمانی سەرکۆنەی کردبێت) ، بەڵام بەشی هەرە سەیر و سەمەرەی داستانەکە، کە کلکی کەڵەشێری دزراو لە ژێر عەبای کەڵەباب دز دا دەردەکەوێت ئەمەیە کە بەهۆی داخستنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، بە شێوەی کاتی، باڵوێزخانەی سویسرا لە تاران بنەوانی مافی کۆنسوڵیی ئەمریکایە و (تام گولدەیمان)ی باڵوێز سویسرا بەهۆی بێدەست و پێیی، خۆی ناتوانێ پەیامەکە بگەیەنێتە کۆشکی سپی و بە ناچار دەست بە دامانی( باب نەی« Bob Ney»)دەبێت



کە ئەو کەسە یەکێک لە گەندەڵکارترین و دەسپیسترینی نوێنەری کۆنگەرەی ئەمریکایە. ناوبراو هاوکار و دەستیاری(تریتا پارسی)یە . تریتاپارسی لەم بابەتەوە دەدوێت :

***«تام گولدەیمان سەردانی واشنگتنی کرد. ناوبراو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرپرسانی وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دیداری دەگەڵ کردن. دواییش هاتە سەردانی باب نەی. ئەو سەردەمە من ڕاوێژەرکاری باب نەی بووم . گولدەیمان پێشنیارەکەی ڕژێمی بە(باب نی) ئەسپارد و ئەویش بۆ کۆشکی سپی نارد. دوو کاتژمێریک پێچوو بوو کە(کارل روو)، گەورە ڕاوێژکاری جۆرج بوش لە ڕێی تەلەیفونەوە، دەربارەی ڕادەی گرنگی و بایەخداربوونی پێشنیارەکەی ئێران پرسیاراتێکی لە (باب نەی)کرد.»***

تریتاپارسی سەبارەت بە نەخشی خۆی بەمجۆرە بۆ هەوڵنێران دەدوێت:

***« من لە لایەن (باب نەی)یەوە بۆ بەجێ گەیاندنی سەرڕاستانەی ئەم ڕاسپاردەیە، واتە گەیاندنی پێشنیارەکەی ڕژێمی ئێران بۆ کۆشکی سپی هەڵبژێردرابووم».***

شایانی تێبینی یە کە ڕاوێژەری باڵای جۆرج بوش، واتە( کارل رو)، تەلەیفۆن بۆ (باب نەی) دەکات و لە پلەی بایەخداری، هەروەها لە ڕادەی ڕەسەنی و نەڕاستیی پێشنیارەکەی ڕژێمی ئێران دەکۆڵێتەوە؛ ئەمە لە حاڵێکدایە کە پشتیوان و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئێران، کە باڵوێزی سویسرا بێت و

خۆیشی بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئەمریکای کردبێت، ئەم پرسیارە دێتە پێش کە هەیاران هۆی چییە (کارل روو) خۆی لە گولدەیمان پرسیار ناکات و لە جیاتی ئەو، ڕووی پرسیار لە نوینەرێکی کۆنگرەی ئەمریکا دەکات کە لەباری پرەنسیبی پیشەییەوە هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە نییە؟ لە ڕاستیدا،(باب نەی) یەکێکە لە سەدان نوینەری کۆنگەرەی ئەمریکا، کە چ لە باری بەرپرسیارەتی لە کۆنگەرە دا و چ لە سۆنگەی پلە و پایەی سیاسیی و پیشەیی لە دەزگای سیاسەتی ئەمریکادا، هیچ پاساوێکی یاسایی بۆ نییە کە دەگەڵ باڵوێزی سویسرا بکەوێتە کەین و بەینان.

بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەرانی« کورد»ی ئەم نامیلکەیە و، بۆ ناسینی(باب نەی و تریتا پارسی، پێویستە چاوێک بە تۆڕی لۆبیی ڕژێم لە ئەمریکا دا بخشێندرێت. هیوادارم دوای ئەم کورتە وتارە، لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانم بابەتی ناوبراویش پێشکەشی خوینەرانی بکەم. بەڵام ئەم ئاماژە کورتەش پێویستە کە، هەر ئێستاکە (باب نەی) بە تاوانی گەندەڵکاری و وەرگرتنی بەرتیل لە قاچاخچییانی گرێدراو بە ڕژێمی ئێران، لە بەندیخانە دا دەست بەسەرە. باڵوێزی سویس لەم بارە دا دەدوێ :

*«خەڕازی پێی گوتم کە ئەو دوو جاران دەگەڵ خامنەیی دانیشتووە و سەبارەت بە (پێشنیار)ەکە دەگەڵی دواوە. هەر دانیشتنێکیان دوو کاتژمێری خایاندووە و بەهۆی ئەوەیکە شتەکە زۆر نهێنییە، لە هەموو ئێراندا چوار کەس نەبێ، کەسی تر نایزانێ. چوار کەسەکەش بریتین لە : ئیمامی خامنەیی، محمد خاتەمی سەرکۆمار، کەماڵ خەڕازی وەزیری دەرەوە و سادق خەڕازی.»*

بەگوتەی باڵوێزی سویس، پێشنیاری(سات و سەودای مەزن)، کە گۆیا وەرچەرخانێکی مێژووییە لە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکادا، دەبێ هەر ئەوەندە نهێنی بێت، کە جگە لە چوار کەسی ناوبراو، کەسی تر بە گوێی نەگەیشتبێت. کەواتە، ستافی کابینەی دەوڵەت، سوپاهی پاسداران، شۆڕای بەرزی ئەولەکاریی نەتەوەیی و تەنانەت پەرلەمانیش ڕوحیان لێی خەبەردار نەبووە. ڕون و ڕاشکاو دیارە کە ئەم گوتەیە دەگەڵ سیستەمی یەکانگیری ناوەندی ڕژێم یەکتر ناخوێنێتەوە و نابێ بە ڕاست وەربگیرێت.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرە دایە کە سەرجەمی دەوڵەتمەدارانی ڕژێم، هەر لە سەردارانی سوپاهی پاسدارانەوە بیگرە هەتا دەگاتە سەرۆکی پەرلەمان (کەڕوبی)و سەرۆکی شۆڕای تەمیزی بەرژەوەندییەکانی نیزام(ڕەفسەنجانی) و سەرجەم گەورە پیاوانی دەسەڵاتدار، هەیاران ئەرێ ئەوان بۆ خامنەیی جێی مەتمانەترن، یان کەسێکی وەک تریتا پارسی؟ بەتایبەت کە باڵوێزی وڵاتێکی وەک سویسراش ئەوەندە سەرەڕۆ نییە و ناتوانێ ببێت، کە بە دڵخوازی خۆی و بەبێ ڕەزامەندیی خاوەنی پرۆژەکە، بەشوێن(باب نەی و تریتا پارسی) دا بڕوات؛ بۆچی؟ چونکە ئەگەر خەڕازی کەین و بەینی دەگەڵ (باب نەی) نەبوایە، چلۆن دەیتوانی ئەو نهێنییە گرینگەی ئێران بەلای ئەم و ئەوێک دا بڵاو بکاتەوە؟ باڵوێزی سویسرا بۆ ڕژێم جێی دڵنیاییە و ئەو ئەمە باش دەزانی کە ئەگەر [قسە بکەوێتە زارێک، دەکەوێتە شارێک]. هەمووی ئەم

بۆچوونانە ئەمە دەسەلمێنن کە هەڵبژاردنی(تریتا پارسی) بۆ ئەم کارە گرنگە، نە بەهەڵکەوت بووە و نە بەدڵخوازی باڵوێزی سویسرا. دەبێ ئەمەش لەبەر چاو بگیرێت کە ئەم نهێنیە هەتا ساڵی ٢٠٠٦، لە ئێران و لە ئەمریکا، هەر لە ژێر سەرپۆش دابووە. بەڵام کاتێک کە سیاسەتی ڕژێم بڵاوبوونەوەکەی بەپێویست زانیوە، ئەودەم (تریتا پارسی) کێشراوەتە نێو خولگەکەوە. کێشرانی تریتاپارسی بۆ ناو بەزمی چیرۆکی(سات و سەودای مەزن)، خۆی لە خۆیدا دەریدەخات کە ناوبراو دەبێ خاوەنی جێگە و پێگەیەکی پڕ تایبەت بێ لە ناو ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و لۆبیی سەر بە ڕژێمی ئێراندا.

لە ڕاستیدا، ئەمە سێهەمین جار لە ساڵێکدا بوو کە ڕژێمی ئێران بۆ بەڕێوەبردنی مەبەستەکانی، ڕێک و ڕاست لەدەرگای باندی(باب نەی و تریتا پارسی)دەدا و کاری پێ دەسپاردن. لەم بەینەشدا، دیدارەکانی باڵوێزی سویسراش بە هەڵکەوتە نەبووە.

## تریتا پارسی و باب نەی، یارانی هەموو وەرزان

هەر ئەو ڕۆژەی کە(تام گولدەیمان)ی باڵوێزی سویس بە مەبەستی پێشکەش کردنی پێشنیاری(سات و سەودای مەزن)، دەگەڵ(باب نەی) یەکتریان بینی، هەر ئەودەمیش گولدیمان خۆی بۆ سەفەری لەندەن تەیار دەکرد. لە سەفەری لەندەن دا بڕیار بوو دەگەڵ دوو گەورە قاچاخچیی ناونەتەوەیی بە ناوەکانی(فواد الزیات) و (نایجەل واینفیلد) دیدار و گوفتگۆ بکات. ئەم دوو گەورە قاچاخچییانە لە لایەن وەزارەتی بەرگریی ڕژێم، ئەرکی کڕینی



فڕۆکەیەکی بۆینگی تایبەت بە(سەفەری پیاوانی ڕژێمی ئیسلامی)یان پێ سپێردرابوو. ئەو فڕۆکەیەی کە ڕژێم کڕیاری بوو ، کاسەی دەست شوردنەکەی لە زێڕی خالیس، قەرەوێڵەی ژووری خەوەکەی دامەزراو لە سەر سیستەمێکی وا بوو کە فڕۆکەکە بەرەو هەر لایەک بابداتەوە، قەرەوێڵەی ژووری خەوتنەکەیشی ڕوو لە«قیبلە»ی ئیسلام بکات و، گەلێک شتی تریشی تێدا دەکار جێ درابوو . شایانی ئاماژەیە کە بایی ئەو فڕۆکەیە ٠٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە و خاوەنەکەی کەسێک بە ناوی(سوڵتان برونی)یە. سوڵتان برونی یەکێک لە زلە دەوڵەمەندانی ئەم سەردەمەیە. هۆی کڕینی فڕۆکەیەکی ئەوتۆیی لە کەسێکی وەک سوڵتان برونی لەمە دایە، کە دەوڵەتی ئەمریکا دەرگای فرۆشتنی فڕۆکەی بۆینگی لە سەر ئێران داخستووە و پێی نافرۆشێت. دوو قاچاخچی ناوبراو بۆ کڕینی ئەو فڕۆکەیە سەردانی ئەمریکایان کرد و دەگەڵ (ڕۆی کافی Roy Coffee)، یەکێک لە یارانی جۆرج بوش و مەزنترینی(لۆبیست)ی ئەمریکایی، دیداریان کرد.

(ڕۆی کافیی) یەکێک لەو کەڵە(لۆبیست)ە خاوەن دەسەلاتانەی واشنگتنە، کە لە پێشوو دا بەرپرسی تاقمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەمریکا و لایەنگری جورج بوش بوو لە مەڵبەندی تەکزاس دا.(ڕۆی کافیی) لەلایەن دوو قاچاخچیە لەندەنییەکانەوە سمێڵی چەور کرا و وەک یار و یاوەری ئەوانی لێهات. (روی کافیی)یش دەگەڵ(دەی ستەفانۆDi Stefano )ی هاوکاری پێشینی(باب نەی)، کە تازە پێی نابوویە نێو

بازنەی(لۆبیست)ەکانەوە، کلکی لێک هاڵاند. ئەم دووە لەمانگی فیڤرییەی ساڵی ٢٠٠٣ دا دەگەڵ(باب نەی) سەفەری لەندەنیان کرد و قاچاخچیەکانیان بینی. قاچاخچیەکان و باندی(لۆبیست)ەکان بۆ ئەنجامی ئەسپاردەکانی ئێران لە نێوان ئەمریکا و بریتانیا دا هاتن و چوون. لەم هاتن و چوون و کڕین و فرۆشتنانە دا بە ملیۆنان دۆلاریان دە گیرفان کرا. شایانی باسە کە دوای ئاشکرا بوونی گەندەڵکاریی (باب نەی)، بەشێک لەو بەڵگانەی کە وەزارەتی دادی ئەمریکا لە سەر(باب نەی) وەدەستی هێنابوون، لیستەی ئەو پوڵ و سامانە زۆر و زەبەنە بوون کە لە ڕێی قاچاخ و بەرتیلەوە پێی بڕابوو.

تاقمی (ڕۆی کافیی و باب نەی) بە مەبەستی شکاندنی حەساری پاوان لەسەر فرۆشی فرۆکەی چەشنی بۆئینگ، سەردانی(کالین پاول)ی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی (بوش)یان کرد. ئەو دیدارە و، پەیوەندیی دۆستانەی نێوان(ڕۆی کافیی) و(باب نەی) دەگەڵ جۆرج بوش ، دەتوانی پشت ڕاستکەرەوەی ئەو باوەڕە بێت کە کۆشکی سپی ئاگاداری کەین و بەینەکانی (باب نەی) و ڕژێمی ئێران بووبن.

پێویستە پەنجەی ئاماژە بەرەو ئەمەش ڕابکێشرێت کە دوو قاچاخچیی لەندەنی (دڵسۆز بە ئێران!!)، سەرزەدە و گەلایی نەچووبوونە زیارەتی(باب نەی)، بەڵکە پێشتریش(باب نەی وتریتا پارسی)، لە کاتی کردنەوەی لیژنەی(نای ئاک NIAC) دا ئەم شانازییەیان پێ بڕابوو کە یەکتر زیارەت بکەن. [ لیژنەی(نای



ئاک) هەر ئەو شۆڕای (تریتا پارسی) بوو، کە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرابوو].

ساڵی ٢٠٠٦ ، واتە ئەو سەر و بەندەی کە مەلەفی دزی و گەندەڵیەکانی(باب نەی) کەوتبوونە بەر دەستی مەحکەمە و تەنانەت لە ڕۆژنامەکانیش دا دەنگ و ڕەنگیان دابوویەوە، کەڵە لۆبیستەکەی واشنگتن(ڕۆی کافیی) بۆ خۆ دەربازکردن لە تاوان، نامەی بۆ یەکێک لە ڕۆژنامەکانی تەکزاس نووسی و لە نامەکەیدا ئاماژەی بە یاریکاریی تریتا پارسی کردبوو بەمەبەستی دامەزراندن و وەگەڕخستنی پرۆژەی ڕێکخراوەیەک. لە نامەکەیدا ئاماژە بەمەش دەکات کە هەر ئەو کاتەش، کەسێک زۆر (بە هەڵکەوت) لە ئێرانەوە دەگاتە واشنگتن و بە(ڕێکەوت) سەردانی ئەو تاقمە (جگەرسۆزەیە) دەکات. (ڕۆی کافیی) دەنووسێت:

*« داریوش بەقایی ، یەکێک لە دۆستانی ئێرانیی سەردەمی خوێندکاریمە و لە (بورلی هیلز)نیشتەجێیە، لە نێوەڕاست ساڵی ٢٠٠٢ دا بۆ دیداری بنەماڵەکەیان سەردانێکی ئێرانی کرد. ناوبراو ، بەر لە شۆڕشی ئێران هاتبوویە ئەمریکا و هەتا ساڵی ٢٠٠٢ نەگەڕابوویەوە ئێران. دوای کۆتایی سەفەر و هاتنەوەی بۆ ئەمریکا، لە ڕێی تەلەفوونەوە بۆی باس کردم کە ئێران لە باری ئابوورییەوە چلۆن و چقاس گەشەی سەندووە و لەم بوارەدا ئەمریکا چیهای هەلی زێڕین لە چنگ داوە. هەروەها ناوبراو ئەمەشی گوت کە مەلاکان لە بەرامبەر بایکۆت و ئەمبابۆکردنی ئێران لە لایەن ئەمریکاوە، خاس پەڵپیکیان دەست کەوتووە و پشتیان دە ئەمریکا کردووە ؛ شکاندنی حەساری ئەمباربۆ و*

*بایکۆتەکان بە قازانجی هەر دووک وڵاتەکان تەواو دەبێت. دوای ئەم وتوویژە، منیش ئەو برادەرەم بردە لای (باب نەی) و بەپێی بەڵێن کە دەبوایە دانیشتنەکەیان چارکە سەعاتێک بخایەنێت، کاتژمێر و نیوێکی کات برد. لە ماوەی وتوویژەکەیان، کە زۆربەی بە زمانی فارسی بوو، قسەکانیان ئەڤینداری و هەست و سۆزی لێ دەباری ، کە هەمووی و هەمووی پایەندازی خاک و خەڵکی ئێران دەکرا. بەرهەمی دانیشتنەکەش ئەم ئەرکەی لیکەوتەوە کە من«دەی ستەفانۆDi Stefano » دەگەڵ (بەقایی) و تریتا پارسی کۆمیتەیەک بۆ چالاکیی سیاسی دابمەزرێنین . ئەرکی ئەو کۆمیتەیەش ئەندامگیری بوو لە نێو کەسانی ئەمریکایی بە رەگەز ئێرانی دا. ستراتیژیی بەرنامەی کۆمیتەکەش چاکسازی و پەیوەند دانەوەی ئێران و ئەمریکا بوو. بۆ وەگەڕخستنی ڕێکخراوەی ناوبراو، ئێمەی چوار کەسی، بە ماوەی ٩ مانگان هەموو چالاکییەکانمان خستە کار.»*

بەم پێیە، لە ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٢ هەتا مانگی مەیی ساڵی ٢٠٠٣ ، تاقمی (روی کافیی و باب نەی) و هاوکارە ئێرانییەکەیان(تریتا پارسی)، بە هۆی ئەنجامی سێ ئەسپاردەی جۆراوجۆر، کە هەر سێ ئەسپاردکان پەیوەندار بوون بە ڕژێمی ئێران، وەک لایەنی ئەسپاردەکە بەسەر کرانەوە. ئەمە وا دەنوێنیت کە لە ڕەوەندی(سات و سەودای مەزن)یشدا، باڵوێزی سویسرا، بە ڕێکەوت سەردانی (باب نەی) نەکردبێت .

ئێستێ با بزانین چاوەڕوانییەکانی ڕژێمی ئێران لە باندی(باب نەی و تریتا پارسی) چی بوو و، باندی ناوبراو کێهە ئەرک و فەرمانیان



بەڕێوە بردبوو کە دیپلۆماتی کۆنە کاری ڕژێم، واتە( محەمەد جەواد زەریف) و ئەوانی تر پێیان بەڕێوە نەدەچوو؟ بۆ وەرگرتنەوەی وەرامی ئەم پرسیارە، پێشەکی دەبێ بزاندرێ ئایا ئەوەی(لۆبی)ی ڕژێم بانگەشەی بۆ دەکات ڕاستە و، ئایا ڕاستە کە ڕژێم پێشنیاری(سات و سەودای مەزن)ی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هێناوەتە مەیدان، یاخود چیرۆکێکی بێ ناوک و ناوەرۆکە و، وەک گەمەیەکی سیاسی کایەی پێ کردووە ؟

## ئامانجی ڕژێم لە پێشکەشکردنی پێشنیارەکەی

بەو جۆرەی کە (لۆبی)ی ڕژێم و (تریتا پارسی) دەیڵێن، دەبێ ڕژێمی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣ دا هاتبێتە سەر ئەم قەناعەتە کە دەگەڵ ئەمریکا دابنیشێ و بۆ تواندنەوەی سەرجەم کێشەکانیان، وتوویژێکی تێر و تەسەل بکات. گۆیا ، لە لایەن خامنەییەوە، دەوڵەتی خاتەمی و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ڕژێم، بۆ ئەنجامی ئەم گرنگە دەستنیشان کرابوون.

لە ڕاستیدا ئەم بانگەشەیە دەڵب و بێ ناوڕۆکە. تەنانەت لە دەمی دەرچوونی ئەو واتەواتەدا، بەرپرسانی ڕژێمیش وەدرۆیان خستبۆوەوە و بە هەڵبەستراوێکی ناڕاستیان ناو بردبوو.

موحسین ئەمینزادە، جێگری یەکەمی وەزارەتی دەرەوە دەڵێ :

*«دەوڵەتی خاتەمی لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە، بە مەبەستی دەست تێوەردان لە کێشەی ئەفگانستان و عێراق، ئیزنی دانیشتن و وتوویژ دەگەڵ ئەمریکای پێدرا بوو؛ تەنانەت ئیزنی ئەمەیشی*

*پێدرابوو کە بتوانێ بەڵێنی چەشنە هاوکارییەکی ناڕاستەوخۆش بە ئەمریکا بدات لە سەر کێشەی دوو وڵاتی ناوبراو دا. بەڵام ڕێگای ئەمەی پێنەدرابوو کە لە سەر پرۆبلیمات و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای گەشە و پێشوەچوونی ئێران گفتوگۆ بکات؛ بۆ وێنە لە سەر بۆیکۆتکردن و ئەمبارگۆی ئێران لەلایەن ئەمریکاوە.*

*لەم بوارەدا، ئەم پرسیارە خۆی زەق دەکاتەوە کە هەیاران هۆی چی بوو خاتەمی نەیتوانی لەم هەلە کەڵک وەربگرێت و کێشەکان جۆرێک بشکێنێتەوە، کە ئێران لەو تەنگژەیە ڕزگاری بێ؟ گەلێک کەس وەرامی ئەو پرسیارەیان بەمجۆرە وەرگرتۆتەوە کە لە ئێراندا سیستەم نەیدەخوازی هیچ گرێیەکی سیاسی و هیچ کێشەیەکی ئابووری لە سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمی دا بکرێتەوە و چارەسەر بکردرێت. »*

باشە، ئەگەر ڕژێمی ئێران نیازی چارەسەریی لیبراوانە و ڕاستەقینەی کێشەکانی لە کەڵلەدا نەبوو، ئەدی پێشکەش کردنی پێشنیاری(سات و سەودای مەزن)ی لە چی بوو؟!... سادق خەڕازی، واتە داڕێژەری پرۆژە و پێشنیاری ناوبراو بەمجۆرە دێتە گۆ :

*« لە ساڵی ٢٠٠٣ وە، دیوارێکی بێ بڕوایی لە نێوان ئێران و ئەمریکا دابوو؛ بەچەشنێک هەردەم ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران لە ئارا دابوو (!!)، بۆیە و هەر لە سۆنگەی ئەم ساردی و بێ باوەڕییەی نێوانمان دا، دەوڵەتی هەشتەم لەسەر ڕێنوێنیی من نامەیەکی بۆ ئەمریکا نووسی و هەندە چرا سەوزێکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەمریکا داگیرساند کە چەندێکیان وەک:*



*پێکهاتن دەگەڵ ئەمریکا لە سەر مەسەلەی فلستین، ئاڵوگۆڕپێدانی حیزبوڵڵای لوبنان بە حیزبێکی بێ چەکی تەواو سیاسی و، هەروەها چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بخرێتە بەر ڕۆشنایی.»*

لە گوتەکانی خەڕازی ئەمە دەردەکەوێت کە، مەبەستی ئێران لە ناردن و پێشکەش کردنی پێشنیارەکە، نەک هەڵدانی چەتر و سایەبانی دۆستایەتی و پێکهاتنی دوو وڵات، بەڵکە کەم و کز کردنەوەی دژایەتییەکانیان و بەرپێگرتنی ئەگەری هێرشی ئەمریکا بووە. واتە هیچ قسە و باسێک لە سەر چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئێران و ئەمریکا لە گۆڕێ دا نەبووە. تەنانەت خەڕازی کەمێک هەورازتریش هەڵکشاوە و پێی وایە کە هەلومەرجی توانین(عەینی) بۆ ئەنجامی(سات و سەودای مەزن) لە سەردەمی سەرکۆماریی محمد خاتەمی دا، هەر نەک لە ئارا دا نەبووە، بەڵکو بواری سات و سەودایەکی بچووکیش لە کردندا نەبووە.

*« دەرفەتێکی لەباریان بۆ خاتەمی پێک نەهێنا کە دەگەڵ ئەمریکا بکەوێتە وتووێژ. لە حکومەتی ئەوکاتەدا،(هەم یار و هەمیش نەیار) لەم بار و بابەتەوە تووشی هەڵە و هەڵدێران هاتن. بۆ تواندنەوەی سەهۆڵستانی بێ باوەڕی لە نێوان دوو وڵاتدا گەلێک ڕستن و چنینی بێ کەڵک و کار کرا، بەڵام سەرجەمیان نەزۆک مانەوە. ئەمە وادەگەیەنێت کە نە لە ناو ئێران و نە لە ئەمریکاشدا هەلومەرجی توانین(عەینی) لە دایک نەزابوون.»*

لەمەڕ پاساوهێنانەوەی ئامادە نەبوونی هەلومەرجی(عەینی) بۆ وتووێژ لە نێوان ئێران و ئەمریکادا، ئەمین زادە پێی وایە ئەگەر وتووێژ دەگەڵ ئەمریکا لە دەوڵەتی خاتەمی پاوان کراو بوو، ئەدی

ناردنی پاکەتی پێشناری ئێران لەسەردەمی خاتەمی دا چ مەبەست و هۆیەکی تێدا بەستە بوو؟ یەکێک لە ڕێبەرانی هەیئەتی هاوپەیمان بە ناوی حەمیدڕەزای تەرەقی،لە گفتگۆیەک دەگەڵ موحسین ئارمین، چالاکی تاقمی (تێکۆشەرانی تەڤگەڕی شۆڕشی ئیسلامی)، سەبارەت بە وتوویژی نهێنیی ڕژێمی ئێران دەگەڵ ئەمریکا و ئامانجەکانی ئەو وتوویژە، ئاماژە دەکات کە :

*«دوا بە دوای کارەساتەکەی یازدەهەمی سپتەمبەر، دڵەڕاوکەیەکیش لە وڵاتی ئێمە دا پنجی داکوتا، کە ئاکامەکەی بوو بەهۆی وەخۆ کەوتنی نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی و ناردنی نامەیەک بۆ بارەگای ڕێبەری مەزنی کۆماری ئیسلامی. لە نامەکە دا، نوێنەرانی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئاکامی کارەساتەکەیان ئاوا شرۆڤە کردبوو ، کە هەلومەرجی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی دیسانەوە دەیەوێ خۆی نوێ بکاتەوە و ئەگەری هێرش و داگیرکردنی ئێران دووپات ببێتەوە. هەر لە سۆنگەی ئەم دڵەڕاوکەیەش دابوو کە نوێنەرانی مەجلیس لە نامەکەیاندا داوایان لە ڕێبەری کردبوو کە لە بەرامبەر ئەمریکا دا هەڵوێستێکی نزم و نەرمتر بگرێتە بەر. بەڵام بارەگای ڕێبەرایەتیی و بە ڕاوێژ دەگەڵ سەرۆک کۆمار و بەرپرسانی حکومی ، بە ئەو پەڕی وریاییەوە ، ئەگەری گرژی و ئاڵۆزییەکانی دوای یازدەی سپتەمبەری بە چەشنێکی تر لێکدابوویەوە. دەزگای ڕێبەری، ئەو سیاسەتە نەرم و نیانەی کە دەوڵەتی خاتەمی کردبویە پیشە، هەروەها سەرجەم ئەو ڕێچارانەی کە قۆڵنج و کەهەنگی سیاسییان*



*پێ نەرمو نۆڵ دەکرایەوە ، توانی بیگرێتە دەست و لە بەرامبەر زمانی هەڕەشەی کۆشکی سپی دا ، وڵات لە بەڵا بپارێزێ.»*

زمانی پەسنی (حەمید ڕەزای تەرەقی) لە ئاست ئەو شێوە ڕێوەبەرایەتییەی کە ئێرانی لە قەیران پاراستبوو، ئەمە دەنوێنێت کە *ئەرکی پێ ئەسپێردراوی دەوڵەتی خاتەمی* بۆ دەربازبوون لە لووتکەی پڕ لە هەڵدێری قەیران دەکار کراوە، نەک لە بۆ چارەسەریی کێشەکان و شکاندنی سەهۆڵبەندانی نێوان دوو وڵات دا. هەر لێرەدایە ئەم پرسیارە سەرەکییە خۆی دەنوێنێت کە ئەرێ ڕژێمی ئیسلامیی ئێران هەر ئەودەم کە وتوویژی بە فەرمیی لە نێوان دیپلۆماتەکانی ئێرانی و ئەمریکایی دا بە گەرمی لە ئارا دا بوو، بۆچی لە پێشنیاری(سات و سەودای مەزن) کەڵکی بەجێی وەرنەگرت؟ هاتبا و ئەم پێشنیارە لەلایەن کەسێکی وەک(جەواد زەریف)ەوەپێشکەش بکرایە و دەوڵەتی ئەمریکایش وڵامی(ئەرێنی)ی پێدابایەوە، ئەودەم ئیتر ڕژێمی ئێران ناچار دەبوو هەڵس و کەوتێکی ئاشکرا، لێبڕاوانە و سەرڕاست نیشانی کۆشکی سپی بداتەوە. کە ڕژێمی مەلاکان قەت ئەم مەبەستەیان لە مێشک دا نەبوو.

بەپێی درکاندنی هەندە کاربەدەستێکی سیاسەتی دەرەوەی ڕژێم، مەبەستی سەرەکیی ڕژێمی ئیسلامی ئێران لە ناردنی پەیام و نیشاندانی چرای سەوز بە ئەمریکا، بەس بۆ خۆ پاراستن لە هێرشی نیزامی و دەربازبوون لە زەختی سیاسی و ئابووری بووە کە لە لایەن ئەمریکاوە بۆی هاتووە. ناردنی باڵوێزی سویسرا لە جیاتی دیپلۆماتی ئێرانی(جەواد زەریف)یش ـ بە گوتەی عەلی

لاریجانی ـ بەو مەبەستە بووە کە دەزگای هەڵویستگری ئەمریکایی تووشی سەرەگێژە بکات و هەتا ماوەیەک لە ئاستی نیازپاکیی ئێرانییەکانەوە تووشی دڕدۆنگی و دڵەڕاوکێ ببن. جێی سەرنجە کە هەر لەو سەر و بەندەدا(عەلی لاریجانی) ، کە بۆ پەرە پێدانی تیۆریی(چاک و خراپ تێکەڵکردنی زیرەکانە) لە دەقی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا، ئارەقی ڕەش و شینی دەڕژت. لە تیۆریی ناوبراودا کە دەکرێ نازناوی(کەر دەپاڵ کەر) کردنی بۆ هەڵبژێرین. ڕژێم بە پشت ئەستووری ئەم تیۆرییە، لە ڕێگای جۆر بە جۆرەوە و بە ڕاگەیاندنی پەیامی پێچەڵپێچی دژبەیەک، بارەگای دوژمنی پەیام باران دەکرد. لایەنی ئەوبەریش بە چەشنێک تووشی سەرەگێژە هاتبوو کە زۆرجاران پاک و پیسی لێ تێکەڵ دەبوو و بۆ لێک جیاکردنەوەیان ماوەیەک کاس و گێژ دەبوو.

**(ڕۆژنامەی ئێران، ٩ ی پووشپەڕی ١٣٨٣ ی کۆچی)**

پێشنیارەکەی ڕژێم بۆ وەگەڕخستنی (ساتوسەودای مەزن)، نە ئیمزایەکی بە ژێرەوە بوو و نە دەزگایەکی قورس و خاوەن مەتمانەی لە پشتەوەی ڕاوەستا بوو. هەربۆیە تەنانەت ئەو سیاسەتکارە ئەمریکاییانەی کە گەلێک(پاپای)پێکهاتن دەگەڵ کۆماری ئیسلامیش بوون، لە ئاست ڕاستی ـ ناڕاستی، لە هەمبەر تەڵەکەبازی ـ نیاز پاکیی و تەنانەت لە ناسینەوەی خاوەنانی پرۆژەکەش دڕدۆنگ دەبوون. بە گوتەیەکی ساکارتر، ئەگەر ئەمریکا وڵامێکی ئەرێنیی پێدابایەوە، بۆ دانیشتن و وتوویژکردن، ئەمریکا نەیدەزانی کێ و چ کەسانێک لەوبەر مێزی وتوویژ دا دادەنیشن. ئەرێ دەگەڵ(باب نەی)؟ دەگەڵ باڵوێزی سویسرا؟



دەگەڵ سادق خەڕازی؟ یان دەگەڵ ئەو ڕێبەرەی کە دژ بە پانزدە لە سەدی ئەو پرۆژەیەیە، کە خۆی نووسیبووی ؟

خاڵی سەرنجداری ئەم داستانە، کات و زەمەنی ناردنەکەیەتی، چونکە وتوویژی فەرمی و نهێنییەکەی بە قۆناخێکی هەستیار دا تێدەپەڕی. هەر لەو قۆناخە دا، ڕژێمی ئێران لە عێراقدا بە گەلێک ئاواتە بەرزەکانی شاد بووبوو. بۆ وێنە باندی سەرکەوتووی(حەکیم) و (موقتەدا سەدر) لە دەزگا و دەرەوەی دەزگا دا پلە و پایەیەکیان دەست کەوتبوو. هەروەها ئێران توانیبووی شوێنی نیشتەجێی موجاهیدینی خەلک بۆمباران بکات؛ ئیتر ئێران لەم قۆناخەوە دەبوایە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕاشکاوانەتر دەگەڵ ئەمریکا دەست بکات بە هاوکاری و، ئاکامەکەی ببێتە مایەی ئۆقرەیی و ئارامیی عێراق و، دوو وڵاتی جیران پەیوەندییەکی باش و خۆش دەست پێ بکەنەوە. سەرەڕای ئەمانە، بار و دۆخەکە ئەوتۆی هەڵدەگرت کە (محمدجەواد زەریف) دەرگای وتوویژێکی ژیرانە و بەجێ بکاتەوە. کردنەوەی دەرگای وتوویژ ، خۆی لە خۆیدا هاوکاری زیاتری هەڵدەگرت و کردنەوەی پاکەتی (سات وسەودای مەزن)یش دەکرا هەنگاوی لێبراوانەی بۆ هەڵبگیرێت. بەڵام شانۆگەریی دیپلۆماتی و کەڵک وەرگرتن لە پەڕە کاغەزێکی بێ پشت و پەنا و دوایەش لادان و لابردنی جەواد زەریف لەسەر کار، نواندی کە ئەمریکا لەمەو دوا دەکەوێتە سەر تێز و، ڕژێم ناچارە بۆ خۆپاراستن و دوور کەوتنەوە لە زەبری سەربازی ، پێویستە بە بارێکی تر دا دوژمن کاس و گێژ بکات.

بەڵام سەردانی باڵوێزی سویس بۆ ئەمریکا و زیارەتی (تریتا پارسی و باب نەی) لە ساڵی ٢٠٠٣ دا هۆی چی بوو؟ ئەمە وەک پرسیاری سەرەکییە. ئەگەر هەرتەنێ بۆ گێژکردنی ئەمریکاو بەفیرۆبردنی کات بوو، ئەرێ ناردنی پرۆژە و پێشنیاری رژێم بەهۆی باڵوێزی سویسرا بەس بوو؟ وەڵامی راست و دروستی ئەم پرسیارە ئەمەیە کە رژێمی ئێران بە شووێن ئامانجێکی گرنگتر و درێژماوەتر دا دەگەڕێت، کە هەر ئێستاکەیش پانێی دەرگای(لۆبیی رژێم)، لە سەر ئەو تەوەرەیە دا خول دەخواتەوە. تەنیا بە خوێندنەوە و ناسینی ئامانجی دوارۆژی ئەو رژێمەیە کە دەکرێ پەی بە هۆکاری دیداری باڵوێزی سویسرا دەگەڵ(باب نەی و تریتا پارسی) بەرین، بەتایبەت پەیوەندیی دەگەڵ کۆشکی سپی لە رێگای دوو کەسی ناوبراوەوە.

## چوارچێوەی کار و کردەوەی(لۆبی)ی رژێم لە ئەمریکا :

بۆ فامکردنی چیرۆکی(ساتوسەودای مەزن)، پێویستە رواڵەتی راستەقینەی دوو شانۆگەری ئەو چیرۆکە، واتە (سادق خەرازی) و(تریتاپارسی)بخەینە بەررۆشنایی و ئەوسا لە خۆمان بپرسین، گەلۆ خۆ (سادق خەرازی) ئارشیتێکتی پرۆژەی ناوبراو بوو، سەرەرای ئەو، رژێمی مەلایان گەلێک بەرپرسی چالاکیان لە وەزارەتی دەرەوە دا هەبوو کە گشتیان لە ناوەوەی وڵات و لەبەر دەستتان دا بوون، بەڵام هۆی چی بوو ئەرکی ناردنی پرۆژە و پەیوەندی دەگەڵ (تریتا پارسی و باب نەی) بە باڵوێزی سویسرا ئەسپێردرا؟



لە پێشدا ئاماژەیەکمان بەمە کرد کە (سادق خەرازی) برازای(کەمال خەرازی) لە ساڵی١٩٩٧ بەدواوە، نەخش و دەورێکی مەزنی بۆ سازدان و وەگەرخستنی(لۆبی)ی رژێم لە ئەمریکا دا گێرا. هەروەها گوترا لە ساڵی ٢٠٠٢ دا، تریتا پارسی بە یاریکاریی باب نەی، رێکخراوەی (نایاک) ، کە گرنگترین ئۆرگانی (لۆبی)ی رژێمە لە ئەمریکا دا، وەرێی خست.

گرنگترینی کار و کردەوەی ئەم ئۆرگانە، کە تەوەرەی سەرەکیی رێکخراوەی لۆبیی

رژێمە، هەڵگرتنی هەر چەشنە گوشارێکە لەسەر شانی ئێران، هەوەها هەوڵدانە بۆ خاوکردنەوە و لەبار بردنی سەرجەم ئەو هەڵوێست و بریاراتە توند و تیژانەنەی کە ئەمریکا لەدژی رژێمی ئێران دەیانگرێتە بەر. [شایانی ئاماژەیە کە ئەرک وفەرمان و کردەوەکانی رێکخراوەی«نای ئاک» لە ماڵپەری(آفتاب)دا، کە ماڵپەرێکی سەر بە رژێمە بلاو کراوەتەوە].

## ئایا (لۆبی)ی رژێمی ئێرانی لە ئەمریکا چالاکتر دەبێت؟

دوای ئەرێ کردنی بریاری ئەمباربۆی ئێران لە لایەن شۆرای ئەولەکاریی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (بەهۆی بەردەوامبوونی ئێران لە چالاکییە ئەتۆمیەکەی) و دوا بە دوای هەڵوێستگرتنی ئەندامانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی بە مەبەستی بەخۆدا چوونەوە و هاوکاری دەگەڵ ئاژانسی نێونەتەویی وزەی ئەتۆمی، پلەی ململانێ و زۆرانبازیی رژێمیش دژ بە وڵاتانی رۆژاوا

پەرەگرتووتر بوو. لە ئەمجۆرە هەل و مەرجانەدا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەرزی نیشتمانی، کەڵک وەرگرتن لەهەموو ڕێچارەیەک، وەک ئەرکی پێویستی سەر شانانی لێ دێت و پێویستە لە خشتەی سەرووی کاری بەرپرسانی دەزگای دیپلۆماسی دا جێ بگرێت. لەم بەینەدا، ژمارەیەکی بەرچاوی ئێرانی لە ئەمریکا دا دەژین کە ئەمان هێزی موتوریکی نهێنی مەزنن بۆ ڕاگرتن و لەباربردنی بڕیاراتی توند و تیژی کۆشکی سپی. ئەم هێز و پوتانسیەلە ئەگەرچی تا بە ئێستا پڕ بە پێستی خۆی نرخ و بایەخی نەدراوتێ، بەڵام بەپێی بیروبۆچوونی زانایان، لە وڵاتانی دیموکراتیدا کەڵک وەرگرتنی ژیرانە لە پوتانسیەلی«دیپلۆماسیی ناحکوومی»، دەتوانێت دەور و نەخشێکی فرەتایبەتی هەبێت .

نووسەرێکی ڕۆژنامەی(شرق = ڕۆژهەڵات) بە ناوی«نەبیوڵڵای ئیبراهیمی» لەم بارەوە دەنووسێت :

*«هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی بیر و بۆچوونی جەماوەریی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرەو کێشە و پرۆبلیماتەکان، دەتوانێ باسکی بەتوانا بۆ تواندنەوەی کێشەکان وەگەڕ بخات و ببێتە هۆی هەڵخڕاندنی خەڵک و، سازبوونی ڕێپێوانی جەماوەری بەدوا دا بێت. بۆ وێنە هەستانی خەڵک دژ بە حوکمی ئەمبارگۆی ئابوریی ئێران لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە؛ ئەمە دەبێتە دەسکەللایەکی باش لە گەمەی سیاسی دا و دەکەوێتە دەستی بەڕیوەبەرانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان.»*



هەر لێرەش دایە بایەخی بەرنامەی«سات و سەودای مەزن» دەردەکەوێت و، ئەم مافە بە لۆبیی ڕژێم دەبەخشێت کە لە سای ئەو چیرۆکەدا کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ڕژێمێکی خۆشکرداری خۆش سەودا بە خەڵکی دەرەوە بناسێنێت. پرۆپاگاندەی ئەو ڕێکخراوەیە بەردەوام ئەم ساز و ئاوازە بەگوێی کۆمەڵگەکاندا دەخوێنێت کە بەڵێ ئەوە ڕژێمی ئێران نییە دەرگاداخەری پەیوەندییەکانە، بەڵکە ئاگر لە گۆڕی سیاسەتی گرژ و دوژمنکارانەی واشنگتن هەڵدەستێت؛ ئەگینا هیچ هۆیەک لە گۆڕێ دا نییە کە گورزی گورچک بڕی ئەمبارگۆ لەسەر ئێران هەڵبسووڕێندرێت.

ڕواڵەتی داستانی(سات و سەودای مەزن) ، بەبێ پێچ و پەنایەک هەر ئەوتۆ لە ژێر تەپ و مژدا وێڵ و ونە، کە تەنانەت(ڕەی تاکیا)ی پسپۆڕی کێشەکانی ئێران ـ ئەمریکا، کە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە لە ئەمریکا خراوەتە کار، سەبارەت بە نادیاریی پرۆژەی ناوبراو بەم تەرتیبە دەدوێ:

**«بە بۆچوونی من، پرۆژەی(سات و سەودای مەزن) کێ داڕێژەرێتی و کێی لە پشتە و لە باری ئابوورییەوە چەندە زەنگینە و بەرهەمەکەی چقاس سەنگینە، هەمووی و هەمووی جێی پرسیارە. ئەم داستان هەر بۆ ئەمە باشە وەری بگریت و لە تەپڵی سەری جۆج بوشی بکوتی؛ یان هەستی و بچی و بە کاندالیزا ڕایس و جۆرج بوش بڵێی هەی درۆزنینە ! ... ئەم داستانە بۆ ئەمە باشە بیکەیتە پەیاغێک و سەری دەوڵەتی بوشی پێ پان کەیتەوە و**

**پێی بڵێ بۆچی هەڵێکی مێژوویت لەکیس داوە و نەت توانیوە کێشەی دوو وڵات چارەسەر بکەیت. »**

ساڵی ٢٠٠٦ ، واتە ئەو کاتەی کە (تریتا پارسی) ئەو بەرگەیەی خستە بەر دەستی هەواڵنێرانی تایبەت، پرسیاری لێکرا کە هۆی چییە ماوەی سێ ساڵان ئەم شتەتان خستە ژێر پەردە و دیزە بە دەرخۆنەتان پێکرد کرد و بەکاتی بەجێ ئاشکراتان نەکرد؟ ئەو لە وەرامدا گوتی کە ، هەر ئێستاکە گەرمەبازاڕی سەپاندنی گرانترین سیاسەتی دژ بە ئێرانە و، هەر ئێستایش جێیەتی پێیان بنوێندرێ کە ڕژێمی ئێران لایەنگری ئاشتییە و هیچ پێویست ناکا خەت و نیشانی گورزی گرانی بۆ بکێشن.

لە ڕاستیدا، بۆیە باڵویزی سویسرا بەپێشنیاری سادق خەرازی دەگەڵ دوو مۆرەی جێ مەتمانەی ئێران، واتە(باب نەی و تریتا پارسی)لە ئەمریکا دیداریان کرد و بۆیە هەر ئەو دوو کەسە وەک هەڵگری پێشنیاری ڕژێمی ئێران ڕەوانەی کۆشکی سپی کران، تاکو لە(ڕۆژی مەبادا) دا ئەگەر ئەمریکا خەیاڵی کەڵەوکێشی کرد و سیاسەتەکەی دژ بە ڕژێمی ئێران گۆڕی، ئەم دوو کەسە وەک دوو شاهیدی زیندوو باسی پرۆژەی(سات و سەودای مەزن) بۆ خەڵکان بکەن و جەماوەر لە دەوڵەتی جۆرج بوش باروورژێنن. (ڕۆژی مەبادا) لە ساڵی ٢٠٠٦ و، دەگەڵ ناردنی مەلەفی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران بۆ شۆرای ئەولەکاریی نەتەوە یەککرتووەکان هاتە دی. (لۆبیی) ڕژێمی ئێران لەو ڕۆژەوە دەستی بە چالاکی کردووە و هەرچی لە دیزە دا بووە، بە (ئەسکوێ = کەوچکی دار) دەری خست.



## «سات و سەودای مەزن»

## و

## «ڕاپۆرتی دەزگای ڕاگەیاندنی ئەمریکا»

چوار ساڵ بە سەر تەمەنی پرۆژەی سات و سەودای مەزن دا تێدەپەڕێت، کەچی پروپاگاندەی(لۆبیی) ڕژێم لەم سەدەمەش دا بەردەوام و بە گەرمی لەسەری دەدوێ.

ئاخۆ پروپاگاندەی لۆبیی ڕژێم بۆ پرۆژەیەکی چوار ساڵ پێشتر، دەبێ چ ویست و مەبەستێکی تێدا بەستە بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێ بەمجۆرە بدرێتەوە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەگەری وەشاندنی گورزی سەربازی لە لایەن ڕۆژئاواوە بۆ سەر ئێران کەمتاکورتێک کز و کەمڕەنگ بۆتەوە و لە بەرامبەر دا زەمینەی وتووێژ و دانووساندن بەرز بۆتەوە، هەر لە سۆنگەی ئەم ئاڵوگۆڕەشدا، ئەمریکا لقە زەیتوونی ئاشتیی بەرەو تاران ڕاداشتووە. ئیتر ئێستا لە گۆڕەپانی کێ بەرکێی فوتبۆڵێنی سیاسی دا، تۆپ کەوتۆتە بەری ئێران و هەنگاوی یاریزانانی سیاسەتی ئێرانی دەتوانن چارەنووسی داهاتووی وڵات دیاری بکەن.

گەلێک لە دەوڵەت پیاوانی ڕژێم ، ئەم هەلە بە دەرفەت دەزانن و، دوزانن کە تێپەڕبوون لەم کەلە پڕ هەڵدێرە، ڕوانین و خوێندنەوەی ژیرانەی گەرەکە. هەر لەم هەلە هەستیارەدا، ئەوان لە باندی خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد دەخورن و ئاماژە بە هەلی ناسکی چارەنووس ساز دەدەن؛ کە بێتوو وریایانە هەڵس و کەوتی دەگەڵ نەکرێت، ئەگەری گەلەکۆمەی جیهانیی و زەنگی خەتەری

تێداچوونی ڕژێمی تێدا هەست پێدەکرێت. لەم بوارەدا، کەسێکی خاوەن ئەزموونی وەک (محمد علی عادلّی) سەرۆکی پێشینی بانکی ناوندیی ئێران و باڵوێزی پێشینی ڕژێم لە لەندەن دەنووسێت:

*« دەبێ ئەمە باش بزاندرێت کە لاچوونی هەوری ڕەش و چڵکن و باشبوونەوەی ئەتمۆسفەری ئەهوەن، زۆر تەمەن درێژ ناتوانێ ببێت. دوژمنانی ئێران بە هەمە چەشنە فرت و فێڵ و کەرەسەی جۆراوجۆرەوە تێدەکۆشن دیسانەکە سیمایەکی دزێو لە ڕواڵەتی ڕاستەکیی وڵاتەکەمان بهاڵێنن و پێشکەشی ڕای خەڵکی جیهانی بکەن. دیارە چەلێ چ کەس نازانێت ئەو دەمەی کە دەنگی بڕیاری سێهەمین ئەمباربۆی ئابوریی ئێران دەکەوێتە لوتکەی هەرە بەرزی خۆی، هەلومەرج چۆن و چلۆن دەبێ. هەرکە وایە، لە دەرفەتێکی بروسکە ئاسای کە دەکەوێتە دەست، دەبێ بۆ نواندنی بیرچاکی و کارکردی خاوێنی وڵاتەکەمان کەڵکی بەخێری لێ وەربگیرێت. لەم نێوە دا، ئێران دەتوانێ بەبێ سەرنجدان و لەبەرچاوگرتنی بەرهەمی کاری داهاتوو، بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی نێوان دوو وڵات، تامەزرۆیی خۆی بۆ وتوویژی بەبێ مەرج و بەستنەوە، بە ئەمریکا ڕابگەیەنێت. ئەگەرچی هەر ئەم هەڵوێستە جارجارە لەلایەن هەندە بەرپرس و دەمڕاستانی وڵاتەکەمان نیشان دراوە، لێرەدا بۆ ئەویکە لە ئاستی نێونەتەوەییدا شەپۆلێکی کارتێکەر و کاراتر ساز بکرێت، پێویستە لەلایەن بەرپرسانی هەرە باڵای دەسەڵاتی وڵاتەکەمان و ، بە دەنگێکی بەرزی ئاشکرا و بوێرانەتر دەرببڕدرێت.*



*تێگەیشتن لە هەلومەرجی سەردەم و ڕوانین و خوێندنەوەی داهاتوو بە دیدێکی تەواو ڕیالیستانەوە دەتوانێ بەرەو داهاتوویەکی خۆشبەر و بەرهەمدارمان بەرێت. پسپۆڕانی توێژەری وڵاتەکەمان بەردەوام دڵنیگەرانی هەل سووتاندن و هەل بەفیرۆ دان بوونە؛ ئیتر ئەمجارەکە لە سای وردبینی و ژیربێژییمان دا، دەبێ هەلی بەجێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆمان سازبکەین. »*

بەپێی ئەم دەربڕینانەی سەرەوە، ڕژێمی ئێران دەبوایە بەرەو تواندنەوەی سەهۆڵبەندانی دوژمنکارانەی خۆی دژ بە کۆمەڵگەی جیهانی هەنگاوی نابایە. بە گوتەی محمد حسێن عادلّی، یەکێک لە دیاردەکانی سیاسەتی نوێ، دەبوایە ساغ و باشبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکای بە دوا دا هاتبایە. بەڵام دیسان ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدات کە ئاخۆ ڕژێمی ئێران بۆ تواندنەوەی کێشە و ئاڵۆزییەکانی هەنگاو دەنێت؟ گەلۆ لە سیاسەتی ئەو ڕژێمە دا توانایی ئەنجامی ئەو وەرچەرخانە مایەدارە دەست دەکەوێت ؟

لە وەرامی بیر و بۆچوونی گەلێک کوڕ و تاقمی خۆشباوەڕی دەوور و بەری ڕژێم دا، کە پێیان وایە ساڵی نوێی زایینی، ساڵی گەرمیی سیاسەت و وەرزی توانەوەی سەهۆڵبەندانی نێوان ئێران و ئەمریکا دەبێت ، ڕۆژنامەوانێکی خاوەن ئەزموونی ڕژێم بەناوی(مێهدی تاجیک)، لە ژێری سەردێڕی گوتاری«بەچاوەڕوانی بۆ ئەنگوتنی پەرجۆ(معجزە) دامەنیشن!» لە ڕۆژنامەی (اعتماد)دا دەنووسێت :

*«توێژەرانی ڕیالیست قەت بە هیوای چەخماغەلێدانێکی ئاسمانی و باشبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٨ دانانیشن، چونکە ئاستەنگەکانی نێوانیان ڕێ بەم هیوایە نادەن کە ئەم خێراتە بەسەر دوو وڵاتەمان دا ببارێت. باشترە بە دیدێکی ڕیالیستانەترەوە سەیری هەلومەرجان بکەین و هیواخوازی ئەمە بین کە کێشەی نێوانیان، لەمەی کە ئێستا هەیە، بەرزتر و سەرووتر هەڵنەکشێت، چونکە هیچ نەبێ ، بۆ ئەم کەمە نیشانە و ئاماژەیەک لە گۆڕێ دا هەیە.»*

ئاستەنگی سەرە ڕێ، کە ڕێی لە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیی نێوان دوو وڵات گرتووە، دەبێ چی بن کە ڕژێمی ئێران لە ئەنجامیان دەست کورتە؟ (احمد زەید آبادی) لێکۆڵەری سیاسیی تۆڕی(B.B.C) لەم بارەوە دەڵێ :

*«بەتێکڕایی ئەوتۆ دێتە بەرچاو، کە تامەزرۆیی ئەمریکا بۆ تواندنەوەی کێشەکانی بە دوور لە وەشاندنی گورزی سەربازی دەگەڵ ئێران و، لەو بەریشەوە تامەزرۆیی ئێران بۆ کەم کردنەوەی گرژی لە پەیوەندی دەگەڵ ئەمریکا، بەتایبەت لە چەند مانگی بەر لە هەڵبژاردنی مەجلیس، لە هەر دووک لاوە شوێنەواری نەرمیی و نیانی تێدا دیارە. ئەگەر ئەم یەکتر ڕاگرتنە قاوغێکی توندو تۆڵ بە خۆیەوە بگرێت و هەڵنەوەشێتەوە، هەل و دەرفەتێکی مێژوویی بۆ لادان و لابردنی دوژمنایەتیی نێوان ئێران و ئەمریکا دەڕەخسێنێت؛ ملدانی ڕژێمی ئێران بۆ وەرێکەوتن بەم ڕێبازە دا، دەتوانێ تەنانەت هەتا توانەوەیەکی ڕیشەیی ڕژێم مایە هەڵبگرێت، هەربۆیە دەکرێ*



*بگوترێ کە هەنگاونانی ڕژێم لەم ڕێیەدا کارێکی وەها زۆر سووک و سانا نایەتە بەرچاو.»*

موحسین ئەمینزادە، جێگری وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی خاتەمی گوتبووی کە پێوەندی دەگەڵ ئەمریکا بۆ بەرەی خامنەیی و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان، بڤەیەکی مەترسیداری دینامیکە و ئەوەندەی بۆیان بکرێت، خۆی لێ دەپارێزن.

*« (بەرەی زاڵی سیاسەت) پێی وایە کرانەوەی دەرگای پەیوەندیی دەگەڵ ئەمریکا دەبێتە هۆی دەردەدار بوونی هەرچی زیاتری وڵات، کەواتە هەر ڕێچارەیەک کە بۆنی کەمکردنەوەی گرژی لێ بێت، ڕژێم خۆی لە بەر ناگرێ و لەبەری هەڵدێت. هەربۆیەشە، ئەم شێوە بیرکردنەوەیە لە ناو ڕژێم دا پەرەگرتوویە و هەمیشە خەون بە دژایەتیی دەگەڵ ئەمریکا دەبینن و، ڕێک نەکەوتن و پەیوەندی نەگرتن دەگەڵ ئەمریکا، ئارەزووی بەرەی زاڵی سیاسەتی وڵاتە. »*

ئەم پەیڤینەی سەرەوە، قسەی نزیک بە دوو ساڵ پێشتری موحسین ئەمینزادەیە، بەڵام شوێنەواری ترس و دڵەڕاوکێیەکی کە دە ئاخاڤتنەکەی ئەمینزادە دا دەبیندرێ ، لە هەڵوێستگرتنی هەر ئیمڕۆکەیی خامنەیی دا بەرچاو دەکەوێت :

*«هەڵپاچینی پەیوەندیی نێوان ئێمە و ئەمریکا، سیاسەتی سەرەکیی ئێمەیە، دیارە ئێمە قەت نەمان وتووە ئەم پەیوەندییە هەتا سەر بە هەڵپاچراوی دەمێنێتەوە، بەڵام بەرژەوەندییەکانی هەنووکەیی ئەمریکا بە زیانی نەتەوەیی ئێمە تەواو دەبێت و سروشتییە ئێمە بەشوێنی دا ناچین. یەکەم، پەیوەندیی ئەمریکا دەگەڵ ئێمە، لە*

*مەترسیی هێرشی نیزامیی ئەو کەم ناکاتەوە ، چونکە هەر ئەو ئەمریکایە لە دەمێکدا هێرشی نیزامیی خۆی دژبە عێراق دەست پێکرد، کە دوو وڵات پەیوەندیی سیاسییان پێکەوە هەبوو. دووەم، بێتو ئێمە پێکەوە پەیوەندیمان هەبێت، ئەگەری خزینی خشکەیی دەزگای سیخوریی ئەمریکا لە ئێراندا زۆر دەبێت. هەر بەم هۆیانە و بەپێچەوانەی فرو فیشاڵی هەندە کەسانێکی چەنەسووکی زۆر بڵێ، پەیوەندیی هەنوکەیی ئەمریکا ، لە بەرژەوەندیی میللەتی ئێران دا نییە. »*

به کورتی دەکرێ بگوترێت، بەهۆی نەبوونی سیاسەتیکی دیار و لێبراوانەی چارەساز لە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، (لۆبی)ی ڕژێم هەروا خەریکی چەند پاتکردنەوەی پرۆپاگاندەی خۆیەتی لە دەوری سێناریویەکی دۆڕاوی بە دوور لەڕاستی کە پرۆژەی(سات و سەودای مەزن) بێت. پێداگرتنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری ئێران لەسەر ئەو کۆنە چیرۆکە، ئەویش بۆ کوتانی مۆرەی شەترەنجی ئەمریکایی. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ناوەرۆکی دەڵب و بەتاڵی ویست و خواستی سیاسەتی ڕژێمە لەبۆ شکاندنی کەهەنگ و قۆڵنجی بە ژانی هەر دووک وڵات.

ساڵی ٢٠٠٣ ، و دوای ٠٨ مانگ وتوویژی تەواو نهێنی، ڕژێمی ئێران کلیلی دەرگایەکی داخراوی کەوتە دەست، کە دەیتوانی دەرگاکە والآ بکات و کێشەکانی خۆی و ئەمریکای تێدا چارەسەر بکات. دەسەڵاتدارانی ئێرانی، لە سەرەوی هەمووانەوە، خامنەیی ، بەهۆی بیر و هزری کۆنی دژ بە ڕەوتی مێژوو و لە



سۆنگەی جەوهەری دژ بە ئێرانی بوونیان، پشتیان لە هەر چەشنە ڕێچارەیەک کرد. بۆ شاردنەوەی ئەو ئەتکە مێژووییە و بۆ ڕاکردن لە بەرهەمی نالەباری دوایی، هەڵبەستنی چیرۆکی (سات و سەودای مەزن)یان وەک تاکتیک بە دەستەوە گرتووە. ئێستای ئێستایش وا هەست پێدەکرێت کە ڕژێم بە یاریکاریی (لۆبی)یەکانی هەر بە سەر هێڵی پێشین دا هەنگاو دەنێت و بە سیاسەتی کات بەفیڕۆ دان و هەڵخەڵەتاندنی بیری گشتی، کات بەفیڕۆ دەباتە سەر.